لەشاری کەرکوك بەرپرسکی باڵای داعش لەئێپەراسیۆنکی ئەمنی دەستگیرکرا

بەووەبەرایەتی گشتیی هەواڵگری و ئاسایشی پارێزگای کەرکوك ئەمڕۆ چوارشەممە رایگەیاند، بەهاوکاری بەووەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆری سلێمانی، ئێپەراسیۆنکی تایبەتیان لەشاری کەرکوك ئەنجامداوە و بەرپرسکی باڵای رێکخراوی داعشیان لەو ئێپەراسیۆنەدا دەستگیرکردوە کەچەندین تاوانی ئەنجامداوە.

بەووەبەرایەتی گشتیی هەواڵگری و ئاسایش لەڕاگەیەنراوکدا باڵویکردەوە، "بەهەوڵی هەواڵگری و چاودێریکردنی وردی مەیدانی، شانەی نوێنەرایەتیی هەواڵگریی تایبەت، بەهاوکاریی بەووەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر لەسلێمانی، توانی چەکدارێکی تیرۆریستی مەترسیدار لەپارێزگای کەرکوك دەستگیربکات".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو تیرۆریستە ئەرکی سەرەکی گواستنەوەی سەرەکی باندەی تیرۆریستەکانی داعش بو لەنێوان قەزای داقوق و پارێزگای کەرکوك، هەروەها بەپێی بڕگەکانی مادەی (4)ی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوە، هەروەها یەکێکە لەدیارترین ئامانجەکانی ئەو بەووەبەرایەتییەی پشتر ئاماژەی پێکراوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ڕوشونی یاسایی لە دژی گیراوەتەبەر و هەوانەی دەسەاتی دادوەری کراوە بۆ ئەوەی سزای دادپەروەرانە خۆی وەربگرێت".